دەزگای رۆشنبیریی جەمال عیرفان

نێوەندی توێژینەوەی شانۆی کولتوریی

# کۆمەڵناسی شانۆ

نیهاد جامی

کۆمەڵناسی شانۆ
نووسینی: نیهاد جامی
بابەت: لێکۆڵینەوە
دیزاین: ئارام عەلی
تیراژ: 1500 دانە
نرخ:        هەزار دینار
چاپی یەکەم: چاپخانەی() ساڵی 2014. کوردستان ـ سلێمانی
لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ژمارە()ی ساڵی 2014ی
پێ دراوە

نمایشی شانۆیی گوتارێکە وابەستەی سیستمێکی دەلالیە، کە کۆی ئەو سیستمە توانای خوڵقاندنەوەی دیدێکیتری هەیە بۆ دنیا، ئەو دیدە دابڕانە لەتەک دیدی باوی دەرەوەی نمایش، خوڵقاندنەوەی لەناو سیستمە دەلالیەکەی نمایش، بەواتایەکیتر ئەوەی لە ڕووبەری بینین ئەنجام ئەدرێت ودەبێتە گوتاری نمایش، پەیوەندیی نێوان وەرگر (تاک) لەگەڵ ئەکتەرەکان (کۆمەڵگا) وەستانە بەرامبەر کولتورێکیتر، ئەو دەمانەی ڕووبەرووی ئەو پرسیارە دەبینەوە: کە بۆچی بە کولتورێکیتر ناوی دەبەین؟

هۆیەکەی ئەوەیە دەتوانین نمایشی شانۆیی وەکو کۆمەڵگا تەماشا بکەین، کە خاوەنی کولتورو سیستمی تایبەتی ژیانە، هەڵبەت مەبەستی ئێمە لە نمایشی سونەتی نیە، بەقەد ئەوەی قسەکردنی ئێمە لەنمایش.. لەسەر کارە ئەزموونیەکانە، بەتایبەت ئەو نمایشانەی لەدەرەوی بیناسازی شانۆ بە ئەنجام دەگات، لەو کاتەدا دەتوانین نمایشی شانۆیی بە (کەرنەڤاڵی کولتورەکان) ناو بەرین، ئەوەش پەیوەستە بەو کۆمەڵگایەی کە جەستەی نمایشکار تیایدا دەبێتە هەڵگری کولتوری کۆمەڵگا، لێرەوە کاتێ قسەکردنەکان دەچنە ئاستی کولتور وکۆمەڵگا، مانای وایە دەبێت لەمیتۆدی کۆمەڵناسیەوە نمایشی شانۆیی بخوێنینەوە.

ئەو تێگەیشتنە بۆ نمایش بەرەنجامی خولْقاندن نیە لە بۆشاییەوە، بەڵکو بەدوای کۆمەڵە ئەزموونێکی پراکتیکی لە شوێنە جیاوازەکانی وەکو (قەڵای کەرکوک، قشڵەی کۆیە، تونێلەکەی دەربەندیخان، کەلاوەکانی هەڵەبجە) بەرهەم هاتووە، بۆیە ئەگەر لەڕابردوودا زیاتر لەسەر ئەو ئەزموونانەی کەرکوکەوە تیۆریزەمان کردبێت، ئەوا لەم دەرفەتەدا هەوڵ دەدەین لەئەزموونی شوێنە جیاوازەکانیترەوە تیۆریزە بکەین.

بۆ ئەوەی ڕاستەوخۆ ڕووبەرووی ئەو دیدە کۆمەڵناسیە نەبینەوە بۆ ئەزموونە پراکتیەکانمان، کە لەدەرەوەی تێکست ودەیالۆگ وبیناسازی شوێنی شانۆیی بەرهەم هاتوون، دەمانەوێ بپرسین: ئاخۆ ئەوەی لەسەر شانۆ پێشکەشکرا ناکرێت بچێتە ئەو تێگەیشتنە کۆمەڵناسیەوە؟

ئەوەی ئێمە بە (کەڕنەڤاڵی کولتورەکان) ناوی دەبەین، پێشنیارێکی ئەزموونکاریمانە، دەنا دەتوانین لەڕوانگەی کۆمەڵناسیەوە تەواوی پڕۆسەی پێکهاتە لە نمایشی شانۆیی ببەینە ئەو ئاستەوە، ئەویش لەڕێگەی پەیوەندیی نێوان شانۆو کۆمەڵناسی، پەیوەندیەک لەسەر بنەمای بەزانستکردنی شانۆوە بەندە.

بەهۆی ئەوەی سەختە ئێمە بتوانین هەندێک چەمک بارگاوی بکەین بۆ مانای گشتی، بەڵام لەقسەکردنمان بۆ ئەزموونەکان ئەو پەیوەندیە ناو دەبەین بە شانۆناسی، دەیبەستینەوە بە پەیوەندیی نێوان زانست وشانۆ، کۆمەڵناسی وەک زانست وەردەگرینەوە، لەئێستادا ناچینە سەر ئەو باسە، هێندەی دەمانەوێ لەئاستی تیۆری نمایش وچۆنیەتی پێکهێنانی بوەستین، ئاخۆ چۆن دەتوانین دیدی کۆمەڵناسیانە بە نمایش ببەخشین؟

بۆ خوێندنەوەی کۆمەڵناسیانەی شانۆ لەئاستی شانۆی سونەتی نابێت لەخودی نمایشە شانۆییەکەوە دەست پێبکەین، بەوەی ئاخۆ نمایش بریتیە لە کۆمەڵگا، بەقەد ئەوەی دەبێت بۆ بیرۆکەو تێکستی نمایش بگەڕێینەوە، چونکە ساتی نووسینی دەق.. یەکەم ئینتیماکردنی نوسەرە بۆ ئەوەی کۆمەڵگایەک لەڕێگەی نوسینی شانۆگەریەک بنیات بنێت.

کەواتە با بپرسین: نوسەر کێیە؟ پرسیارکردن لە شوناسی نوسەر.. پرسیارکردن نیە لەخود، بەڵکو پرسیارکردنە لەو شوناسەی بە دەق دەبەخشرێت، بۆیە لە نوسینی دەقی شانۆیی، نوسەر کائینێکە هەڵگری خەونی کۆمەڵگایەکی نوێیە، دنیایەک بەویستی ئەو نیە، دەیەوێ لەڕێگەی نوسینەوە ئەو کۆمەڵگایە بدۆزێتەوە کە خەونی پێوە دەبینێت.

کاتێ ئەو خەونەشی لەناو نوسین دەست نەکەوێت، دەیەوێت پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان وەک ئەوەی تێیگەیشتووە بینووسێتەوە، مرۆڤ لەکاغەز درووست دەکات، کولتور دەبێتە ئەو نەریتەی مرۆڤە نووسراوەکانی لەسەری دەڕۆن.

نوسەر دەنگی خۆی دەباتە ناو دەنگی کارەکتەرێکەوە، ساتی واش نایەوێت ئەوەی ئەدوێت دەنگی ئەوی نوسەر بێت، چونکە سەرەنجام کارەکتەرەکان ناوی تایبەت بەخۆیان هەیە، زیندەگی خۆیان ئەزموون دەکەن، وەک چۆن نووسەریش ژیانی خۆی دەژییێت، بۆیە نوسەر بەدوای کۆتایی نوسین، ئەو وەک خوڵقێنەری دەق دەناسرێت، بەڵام دەقێک ئەوەی دەدوێت ئەو نیە، بەڵکو کارەکتەرەکانن.

ئەو مرۆڤانەی لە کۆمەڵگایەکدا دەژین وخاوەنی خەونی خۆیانن،

مرۆڤگەلێک زۆرجار لە ئێمە ناچن، بەڵام دنیایەکیان هەیە خەونی پێوە دەبینن، یا زۆرجار ڕقمان لە کۆمەڵگاکەیان دەبێتەوە.

ئەو دەمەی دەق تەنیا وەک ڕووبەری کاغەزو لەناو کتێبخانە وەک کتێبێکی چاپکراو پارێزراوەو هێشتا نەبۆتە نمایش، ئامادەبوونی منی خوێنەر بەشداری کردنی نائاگایی کولتوریە لەناو ئاگایی کولتوری دەقەوە، ئەو دەمە بەدوای هاوسەنگی کولتوریی دەگەڕێین، کاتێ ئەو هاوسەنگیە نەبینین، لەنێوان (نامۆبوونی خوێنەر) و (کارەکتەری نامۆ) ئەو نامۆبوونە کەلێنێک درووست دەکات، کە پەیوەستە بە ئاگایی هاودژەوە.. ئاگاییەک نامۆبونی خوێنەرو کارەکتەرە بەیەکتری، هاودژبوون لە ئاگایی کەوتنی بەهای کۆمەڵایەتیە، ئەو ناوبردنە بە بەها بۆخۆی ڕەوایەتی وەرگرتنی کۆمەڵناسیە لە کاری شانۆییدا.

ئەگەر دەستەواژەکە ڕاست بێت، دەکرێت بڵێین: لەدەرەوەی کۆمەڵناسیەوە خوێندنەوە بۆ دەقی شانۆیی خوێندنەوەیەکی کەمخوێنە کە لەسەر کوشتنی ڕەهەندەکانی زمان وەستاوە، ئەوەش ئاگاییەکی میتۆدی نیە شانۆکارو تیۆریستەکانی شانۆ کەشفیان کردبێت، بەڵکو لەلای کۆمەڵناسێکی وەکو ئەدۆرنۆ لەژێر ناوی (شانۆو ڕەخنەی ئایدیۆلۆژی) ئاماژە بۆ کارەکتەری ناو دەقەکان دەکرێت، کە هەڵگری خاسیەتی مرۆڤەکانی ناو کۆمەڵگان.

کارەکتەرەکان هەڵگری بەها کۆمەڵایەتیەکانی کۆمەڵگاش نەبن، سەرەنجام خاڵی نین لەمرۆڤی ناو کولتورەکانەوە، بۆیە ئەوەی لە شانۆ دەردەکەوێت، لەفەزای کۆمەڵایەتیەوەیە، هەرچەندە مەبەستی ئەدۆرنۆ دوای ئەو باسەیە، ئەویش ڕەخنەگرتنە

لەو ئایدیۆلۆژیا هەڵقوڕتاوەی ناو دەق کە چۆن هەوڵ بدرێت دەقی شانۆیی لێ دەرباز بکرێت، ئەوەش ئینتیماکردنەوەی دەقە بۆ کۆمەڵگا، دەق دەبێتە ڕووبەری کۆمەڵگایەکی نوسراو، کۆمەڵگایەک لەساتی پڕۆسەی خوێندنەوە لەلایان دەرهێنەری شانۆییەوە.. بیر لەهاتنە دی خەونەکەی نوسەر دەکاتەوە، هاتنە دی ئەو خەونەش لەڕێگەی ئەکتەرەکانەوەیە، بەواتای لەو ساتەدا دەبێت بگەڕێینەوە بۆ ئەنترۆپۆلۆژیای کۆمەڵایەتی، چونکە پەیوەندیی (مرۆڤ وکۆمەڵگا) و(مرۆڤ وکولتور) و(شانۆ وکولتور) لەو دیدە ئەنترۆ سۆسیۆلۆژیە دەخوێنینەوە.

وەک چۆن ئامادەبونی شوێن لەبیرۆکەیەکی نوسەرەوە بۆ دیدێکی دەرهێنانی، ئامادەبونێکی ئەنترۆپۆلۆژیانەیە بۆ شوێن، ئەوەش دەبێتە کەناڵی پەیوەندیی نێوان نوسەرو دەرهێنەر، خوڵقێنەری ئەو پەیوەندیەش ئەکتەرە، کە دەرهێنەرانی شانۆ دیدی جیاوازیان بە ئەکتەر بەخشیوە.

پێکهاتەکانی گوتار نمایشی شانۆیی بنیات دەنێت، بنیاتنان ئاوێتە بوونە لەگەڵ کردەی وەرگرتن، وەرگر لەنێوان کولتوری من (منی وەرگر) لەگەڵ کولتوری ئەویتر (گوتاری نمایش) دەکەوێتە بەر کارلێکەرێکی کولتوریی، بەوەی ئەویتری جیاواز قەبوڵ دەکات، ئەوەش بۆ وەرگر دەبێتەوە پرسیار لەکۆمەڵگا.

لەدایکبونەوەی پرسیار خوڵقاندنەوەی پەیوەندیەکی دیالەکتیکیە، بەوەی نمایشی شانۆیی دامەزراندنی گوتارێکی سۆسیۆلۆژیە، ئەو گوتارە پێویستی بە تێڕامان وخوێندنەوەی تیۆری هەیە لەنێوان زانست وشانۆ، کە ئەو دەسپێکە دەروازەی چونە ناو ئەو ڕامانە کۆمەڵناسیانەیە بۆ شانۆ.

## وێنەی ئەخلاقی کۆمەڵگا بۆ شانۆ

روانینی کۆمەڵگا بۆ شانۆ.. وێنەیەک نیە لەو ساتەوەختەی هەنووکەوە وێنا بکرێت, ئەو وێنەیە بەرەنجامی هەستکردنی مرۆڤەکانە لە یادەوەری, یادەوەری کە هێزی درێژبوونەوەیە لەناو ئێستادا, وا دەکات دەلالەتەکانی ئەو وێنەیە بۆ شانۆ بارگاوی بکات بەڕەهەندی ئەخلاقیەوە, ڕەنگە سڕینەوەی ماناکانی ئەو وێنەیە پێویستی بە پرۆژەی وشیارکردنەوەی کۆمەڵگا بێت لەڕووی تێگەیشتن لەگرنگی ئەم هونەرە, بۆ ئەوەی وەک بەشێک لە ژیار بیبینێت.

کۆمەڵگای کوردیی سەیرکردنی بۆ شانۆ, تێگەیشتنیەتی لەیادەوەری جەنگی جیهانیەوە, ئەو دەمەی عیراق لەلایان بەریتانیەکانەوە داگیر دەکرێت, بۆ دەربڕینی هەستی سەرکەوتن سەربازەکان ئاهەنگیان بۆ دەگێڕدرێت, ئەو هەستە پاڵبە بەشێک لەهونەرمەندانی شانۆوسەمای بەریتانی دەنێت بەشداری لەشادی وولاتەکەیان وسەربازەکانیان بکەن, بۆیە دێنە عیراق و لەو ئاهەنگانە بەشانۆو سەما بەشداری دەکەن, ئەکتەریان سەمازان کە بەپێی کولتورەکەی خۆی جلی پۆشیووە, کە جلێکی نیمچە ڕووت بووە, بەزمانی ئینگلیزیی وتویانە ئەمرۆ تیاتەر یان تیاترۆمان هەیە, کە مەبەست لەوەیە ئەمرۆ شانۆ نمایش دەکرێت.

لەلای ئێمەش بەهۆی ئاشنا نەبوون بەزمانەکە, هێندەی ئەوەی زمانەکە زمانی ئەویتری نامۆ بە کولتورو کۆمەڵگای ئێمە بووە, بۆیە ووشەی تیاترۆ بریتی بووە لەو ژنە سەمازانە جلپۆشە نیمچە ڕووتە, واتە ئەکتەر لەدیدی ئەخلاقی کۆمەڵگای ئێمە هەمان

وێنەی ئەو تیاترۆیەی هەیە کە وێنەیەکی ئەخلاقی دژ بە کولتوری پێکهێناوە, ئەو وێنە ئەخلاقیە وایکردووە دیدێکی خراپ بۆ شانۆ لەکۆمەڵگا بخرێتە ڕوو, کە نەتوانراوە شانۆ لەمانایەکی موقەددەسی هونەرێکە بەرز بکرێتەوە, بەڵکو بەرزە منی ئەم هونەرە بۆتە نزمە منی هونەرەکە, شانۆکاریش کاری لەسەر ئەو پەیوەندیەی نێوان شانۆ وکۆمەڵگا نەکردووە, کە وێنە ئەخلاقیەکانی نزمە من بگۆڕێتە سەر بەرزە منی پیرۆزی شانۆ.

## کۆمەڵگاو شانۆ

ئەو پەیوەندیەی لەنێوان کۆمەڵگاو شانۆدایە.. پەیوەندیەکە لەسەر بنەمایەکی دیالەکتیکی بنیات دەنرێت، بەوەی کۆمەڵگایەکی پێشکەوتوو کاریگەری لەسەر شانۆیەکی ئاست باڵا ئەبێت، ئەو دەمە شانۆش وەک دامەزراوێکی مەدەنی سەیری دەکرێت، بەڵام کاتێ کۆمەڵگا نەیتوانی کاریگەری لەسەر شانۆ بەجێ بێلێت, ئەو دەمە ڕەخنەکە زیاتر ڕووی بونیادە کۆمەڵایەتیەکانی کۆمەڵگا دەگرێتەوە، بەوەی هەستی شاربوون لەناو ئەو کۆمەڵگایەدا لاوازەو فەرد لەو کۆمەڵگایە بوونی نیە، ڕەگەزی ژن نەیتوانیوە ئازاد بێت، هەموو ئەمانەش کە دۆخی شاربوون ئەیخولقێنێت، دۆخێک پرسیارە ڕەخنەییەکانی کۆمەڵگا لەپێناو پێشڤەچوونی کولتوریی دەبێتە پرسیارە سەرەکیەکانی شانۆ، بەڵام کە لەکۆمەڵگایەکدا شاربوون بەمانا مۆدێرنەکەی بوونی نەبێت, ئەوا بوونی شانۆیەک کە کۆمەڵگا نەیتوانی بێت کاریگەری لەسەر بەجێ بێلێت بە حالەتێکی ئاسایی سەیر دەکرێت، وەک چۆن لەو کاتەدا شانۆش بۆ کۆمەڵگا نابێتە هونەرێکی ژیاریی کە پەیوەست بێت بە ژیانی مرۆڤەکانەوە.

ئەوەش لەسەرەتای دەرکەوتنی ئەو هونەرە بە ڕوونی هەستی پێدەکرێت کە هونەرێکە لاسایی کردنەوە دەیهێنێتە بوون نەوەکو خەمە کولتوریەکان، ئەو دەمەی ئەو حەزی لاسایی کردنەوەیە لە هەوڵی تاکەوە دەپەڕێتەوە بۆ درووستکردنی چەند گروپێکی شانۆیی لەشارە کوردییەکاندا، ئەوەش پەیوەستە بەو دۆخە سیاسیەوە کە لە پەنجاکان دەوڵەتی عیراق بەخۆیەوە دەبینێت، بەهۆی زەبروزەنگی سیاسیەوە ئەو گروپە شانۆییانەش، چونکە

لەهەناوی کۆمەڵگایەکی ڕەخنەییەوە نەهاتۆتە بوون کە خاوەنی پرسیار بێت، بۆیە لەگەڵ دۆخە سیاسیەکە ئەو شانۆیەش تەسلیمی ئەو دۆخە سیاسیە دەبێت.
وەک چۆن هەفتاکان بەهۆی قۆناغەکانی شۆرشی کوردیەوە دوو جار بزووتنەوەی شانۆی کوردیی گەشانەوە بەخۆیەوە دەبینێت, لەلایەک لەگەڵ بەیاننامەی یانزەی ئادار و لە لایەکیتریش لەگەڵ سەرهەڵدانەوەی شۆڕشی نوێ، ئەو دوو قۆناغە پەیوەست نین بە شانۆوە هێندەی زادەی دوو دۆخی سیاسین کە بۆ شانۆ هەر وەک یەک دۆخ دەمێنێتەوە، کە سەرەتای  درووست بوونی گروپی شانۆیین وەک گروپی ڕێکخەر، بەڵام ئەو ڕێکخستنە لەناو تیپ و گروپی شانۆیی توانای ئەوەی نەبووە شانۆیەک بێت وەک کۆمەڵگایەک سەیری بکرێت، ئەوەش بەهۆی نا ئامادەبوونی ئەو عەقڵە شانۆییە بووە کە هەر لەسەرەتاوە دیمەنە شانۆییەکانی زیاتر گوزارشت بووە لەدۆخی لادێی وقسەکردن بووە لەو دیاردە کۆمەڵایەتیانە کە تەنیا وەک دیاردەی کۆمەڵایەتی وزیاتر بەشێوەی پێکەنیناوی نمایشکراوە، واتە شانۆیەک نەبووە خەمی شاربوونی هەبوو بێت، تا مرۆڤەکانی ئەو کۆمەڵگایە خۆیان تیا ببیننەوە.
ئەگەرچی بەدوای شۆڕشی نوێ شانۆش ڕوو دەکاتە تێکستی جیهانی ودەیەوێت ئەو دیمەنە شانۆییە گۆڕانکاری بەخۆیەوە ببینێت، بەلام هەموو پەیوەندیەکی بینەر بەشانۆ پەیوەندی کۆمەڵگا نەبووە بە شانۆیەک کە خەمی ئەوی گرتۆتە خۆی، هێندەی کاری بەوە بووە چەپاندنە سیاسیەکەی تیا بدۆزێتەوە، ئەوەش پاڵی بە شانۆکارەکانیش ناوە ئیش لەسەر ئەو کەبتە

سیاسیە بکەن.
لەپاڵ ئەوەدا ساڵەکان تێدەپەڕن وشانۆی ئێمەش لەلایان چەند ناوێکی نوێ بەرەو ئیشکردن بۆ گوتاری جوانکاری دەڕوات، ئەگەرچی گرفتی سەرەکی ئێمە لەوێوەیە ئەو شانۆیە بەرەو ئیستاتیکاو پرسیارکردن دەڕوات، بەڵام شانۆیەک دەبێت لەئاستێکی دەست نیشان کراو کار دەکات، واتە نابێتە زیندەگی کۆمەڵگایەک، هۆیەکەشی شانۆکارەکان نین، بەقەد ئەوەی ئەو دۆخی شاربوونە نەبۆتە بەشێک لەکۆمەڵگای ئێمە کە شانۆیەکەمان زادەی ئەو کۆمەڵگایە بێت، وەک چۆن لەپاڵ ئەوەدا هەوڵیتریش هەبووە بۆ سەرقاڵکردنی لەناو خەمە نەتەوەییەکان کە تەنیا خنکاندنیەتی لە دیمەنی زەخرەفەیی کوردیی.
بۆیە کاتێ ڕاپەرینی بەهار دێت یەکەم زیانی ڕاپەڕین بەشانۆ ئەگات، چونکە شانۆیەک نەبووە پەیوەست بێت بە دۆخی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگاوە، بۆیە شانۆکان چۆڵ ئەبن و کۆمەڵگاش هیچ گرفتێکی نیە کە شانۆی نەبێت، تا ئەو کاتەی شەڕی ناوخۆ سەرهەڵدەدات، بەڵام دیسان بینەر کە ڕوو دەکاتە شانۆ، بینەرێکی بێزار لەو شەڕەیە، دەیەوێت بێبەهایی جەنگ ومەنفەزێکیش بدۆزێتەوە بۆ دوور کەوتنەوە لەو دۆخە، ڕێک هۆڵەکانی شانۆش دەچنە ئەو دۆخەوە، بۆیە ڕووکردنە دوو ئاراستەی ڕوون لەنێوان دنیای تێکستەکانی شانۆی ئەبسێرد لەلایەک و لەلایەکیتریش ئیشکردن لەسەر جەستەو وێنەی شانۆیی تەواوی شانۆکان داگیر دەکات، ئەو کۆنترۆڵ کردنە ئینتیماکردنێکی ساتەوەختی ئەو دۆخەیە، بەڵام ناتوانێ شانۆ بکاتە بەشێک لە ژیانی خەڵکی، بۆیە کە شەڕ تەواو ئەبێت سەر لەنوێ شانۆ نابێتەوە کێشەی مرۆڤەکانی ئەو

کۆمەڵگایە، بەڵکو شانۆکان چۆل دەکرێنەوە، ڕوو دەکرێتە دراماو زنجیرەی تەلەفزیۆنی، ئەوەش مانای وایە شانۆ هونەرێک بووە هەمیشە وەک دامەزراوێکی مەدەنی سەیر نەکراوە، بەقەد ئەوەی ڕووبەرێک بووە بۆ سەرگەرمکردن لەدۆخە تراژیدیەکان، وەک ئەفیونێکی هەنوکەیی دۆخە سیاسیەکان بینراوە.

ئەوە دیدێکی تاریکبین نیە بۆ شانۆ، بەقەد ئەوەی ڕوویەکی ڕاستەقینەی شانۆیە، کە ئەمرۆش شارەکان شانۆی خۆیان هەیە، شانۆی ئێمە زادگەی وێنەیەکی گشتی نیە بۆ شانۆی کورد، گروپەکان و هەوڵە تاکخوازەکان بۆ ئەو هونەرە دەست نیشان کراوە، دەشێت ئەوە تا ڕادەیەک لە بابەتەکە دورمانی خستبێتەوە، بەڵام بو پانۆرامایەکی ڕەخنەیی وەک پێویست سەیرمان کردووە، بۆ ئەوەی بتوانین لەسەر پەیوەندیی نێوان کۆمەڵناسی و شانۆ قسە بکەین.

## کۆمەڵناسی و شانۆ

کاتێ بمانەوێ پرسیاری ئەوە لەخۆمان بکەین کە پەیوەندیی چیە لەنێوان کۆمەڵناسی وشانۆدا؟ یا ڕاستر وایە بەدوای پرسیارێکیتردا بگەڕێین وبپرسین: ئاخۆ شانۆیەک هەیە پەیوەندیی بە کۆمەڵناسیەوە نەبێت؟

لێرەدا ئێمە خۆمان ڕووبەرووی دوو پرسیار کردۆتەوە.. دوو پرسیاری سەر بەیەک تێگەیشتن، ئەگەر لەکۆمەڵناسیدا توێژینەوە لە ڕەفتارو پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان جێگای بایەخی تایبەتی ئەو زانستە بێت، بەهۆی ئەوەی پەیوەندیی لەسەر ئاستە جیاوازەکان ببردرێتە ناو کێشەی گروپ وخێزان وکۆمەڵگاو دواتریش هەموو ئەو دیاردە کۆمەڵایەتیانەی دەسەڵات ومەعریفە بیشارنەوە، ئەوا کۆمەڵناسی دەیەوێت ئەو باسە بهێنێتە پێشەوە بۆ توێژینەوەو خوێندنەوەی پەیوەندیی کۆمەڵگا.

ئەوەش ڕووبەرووی پرسیاری دەسپێکمان دەکاتەوە: پەیوەندیی چیە لەنێوان کۆمەڵناسی وشانۆدا؟ ئاخۆ ئەو تێگەیشتنەی کۆمەڵناسی بۆ کۆمەڵگا ڕاستەوخۆ قسەکردن نیە لەدەق ونمایشی شانۆیی؟ بەهۆی ئەوەی دیاردە کۆمەڵایەتیەکان وپەیوەندیی گروپەکان بەیەکتر وکولتور وەک خاسیەتی تایبەتمەندی کۆمەڵگا، هەموو ئەمانەش لەشانۆدا دەبنە تەوەری سەرەکی ودەروازەی بیرکردنەوە لەهەر کارێکی شانۆیی، بۆیە ئەو پرسیارە دەرگا لەپرسیاری دووەم دەکاتەوە بەوەی: ئاخۆ شانۆیەک هەیە پەیوەندیی بەکۆمەڵناسیەوە نەبێت؟

ئەو دەمەی نمایشی شانۆیی دەبێتە کاییەکی کۆمەڵایەتی چ لەڕووی گروپە کۆمەلایەتیەکان یاخود لەڕووی خێزان وکۆمەڵگا

دیمەن وویێنەی شانۆیی پێک دێنێت، ئەو کاتە دەبینین شانۆیەکمان نیە پەیوەندیی بەکۆمەڵناسیەوە نەبێت، ئەوەش نەک بەتەنیا لەئاستێک دەربکەویت، بەڵکو لەهەردوو ئاستی دەق و دەرهێنان لەلایەک ولەلایەکیتریش هاوکێشەکانی نوسەرو ئەکتەرو دەرهێنەر هەرسێکیان ئیش لەسەر کۆمەڵناسی دەکەنەوە، کە دواتر لەهەریەک لەو سێ لایەنە دەدوێین، هەر یەکە لەو سیانە وەک بەخشینی شوناسێکی گرنگی شانۆ نوسەر وەک دەق وئەکتەر وەک نواندن ودەرهێنەر وەک دەرهێنان، کە هەرسێکیان وێنای کۆمەڵناسیانەن بۆ کۆمەڵگا.

ئێمە لەبەرەنجامی ئەزمونە پراکتیەکانمان ئەو دیدە کۆمەڵناسیە زیاتر ڕووبەرووی بووینەوەتەوە, هەر ئەوەش هۆکاری پشت ئەو توێژینەوەیە، لێرەدا ئاماژە بۆ هەوڵی پراکتیکیمان دەکەین لە (هاملێتی کەرکوک).

ئەو دەمەی دەمانویست ئیش لەشانۆگەری هاملێتی شکسپیر بکەین، لەڕاستیدا نەماندەویست ئەو دیدە کۆمەڵایەتیەی نوسەر بگوازینەوە، بەڵکو چارەسەریەکانمان بۆ شکسپیر دەبوو چارەسەریەکی نێوان زەمەن وشوێن بێت، بۆیە هەر لەسەرەتاوە ئەو پرسیارەمان لەخۆمان دەکرد: دەبێ ئێمە ئێستا لە کەرکوک چۆن پرۆڤە لەشانۆگەری هاملێت بکەین؟ ئەو دیدە کولتوریەی خۆمان چۆن تەفسیری ناو ڕوانینی هاملێت دەکەین؟

ئاسان نیە ئەوەی لەلای شکسپیر هەیە بڕوا پێکراو بێت بۆ ئێمە، چونکە کچێکی ئەو کولتورەی ئێمە تیای ئەژین هەرگیز وەک ئۆڤیلیا بە نامەیەکی هاملێت شێت نابێت، ئەی ئەوە چیە ئەتوانێ کچێک شێت بکات، لێرەوە ئەو ڕوانینە بۆ تێگەیشتن لە کۆمەڵگا

دەبێتە زەمینەی کارکردن، بۆیە لەلای ئێمە شێتبوونی ئۆڤیلیا بەرەنجامی پەیوەندیی سێکسیەتی لەگەڵ هاملێت و سکپڕبوونی لەدۆخێکدا کە هاملێتیش شێت بووەو ئۆڤیلیا توانای ئەوەی نیە ئەو دۆخە بگوازێتە بۆ هاملێت, بۆیە ڕووبەرووی شێتی دەبێتەوە، لەم گۆشەنیگایەوە ئێمە دەمانویست هاملێتێک ئەنجام بدەین ئیشکردنەوە بێت لەدیدی خۆمان لەناو شکسپیر، وەک چۆن ئەو بۆشاییەی دەکەوێتە نێوان ئێمەو شکسپیر بۆشاییەکی ئەزمونکاریە, بەگەڕان و پشکنین و پرسیارکردن و گومان لە تێکست و پەیوەندیەکان چارەسەر دەکرێت، بۆیە دەبوو بزانین چی وا دەکات غرترودی دایکی هاملێت واز لەمێردەکەی بێنێت و ڕوو بکاتە برای هاوسەرەکەی؟

هەڵبەت ئەو پرسیارەش بانگەشەکردنێک نیە بۆ بابەت، هێندەی بیرکردنەوەیە لە کارەکتەرو لەو کولتورەی تیا ئەژییێت، ئەوە بیرکردنەوەیە لەپرسیاری ئەخلاقی، دەبوو بیانویەک بۆ ئەو ناپاکیەی غرترود بوونی هەبێت، لەوەشدا لە دیاردەی کۆمەڵایەتیەوە سەیری ئەو ناپاکیەمان دەکرد، کە غرترودی تا ڕادەیەک بێگوناه دەردەخست, هۆیەکەشی ئەوە بوو بەهۆی بوونی دیاردەی هەتیوبازی لەو کولتورە، کە پاشخانەکەشی بۆ فرە کولتوریی جیاواز و ئەو ڕابردووە دەگەڕێتەوە کە بۆتە دیاردەیەک و دیاردەیەک کە شاردراوەتەوە، ئەگەر کاری کۆمەڵناس ئاشکراکردنی ئەو بابەتانە بێت کە دەشاردرێنەوە، لێرەوە کاری دەرهێنەری شانۆیی هاوتا دەبێتەوە بە کاری کۆمەڵناسێک، بۆیە وازهێنانی غرترود لە باوکی هاملێت

هۆکارەکەی سێکسی لادەر بووە، ئەوەشمان لە دیمەنی جۆلانەکردن دەخستە ڕوو، هەڵبەت شوێنیش کە کۆشکەکەیە کە لە رووبەری نمایشدا خانوویەکی کۆنی دوو نهۆمیە پەیوەندیەکی ڕاستەوخۆی بە ئەتمۆسفێرو یەکەی گشتی نمایشەکەوە هەیە، بۆ ئەوەش هەموو ئەو رووداوانەی لەنهۆمی سەرەوە روو دەدەن بریتین لە یادەوەری، ئەوانەی نهۆمی خوارەوە کە لە بینەر نزیکن ساتەوەختی نمایش و زەمەنی هەنوکەییە.

## کۆمەڵناسی دەقی شانۆیی

دەقی شانۆیی پڕۆژەی نوسینەوەی پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکانە، تێکشکاندنەوەی کۆمەڵگاو خولقاندنەوەی کۆمەڵگایەکی نوێیە نوسەر خولقێنەریەتی، نوسەر بە کۆمەڵگایەکمان دەناسێنێت کە نهێنیەکان نەزانراو بوون، یاخود مەعریفەی ئێمە لەبارەیەوە مەعریفەیەکی پەنهان وشاراوە بوو، ئەو وەزیفەی توێژەرێکی رەخنەیی دەبینێت، سەرەنجام توێژینەوەکانی دەباتە ناو هێلە گشتیەکانی مرۆڤ، بەوەی تێڕامان لە کۆمەڵگا بکاتەوە بە نوسینەوەی کۆمەڵگا.

بەواتا نوسەری شانۆیی لەگەڵ دەسپێکی کارەکەی پڕۆژەیەکی کۆمەڵناسیانەی هەیە، ئەویش پێشنیارێکی کولتوریە لەڕێگەی نوسینەوەی کۆمەڵگایەکی مرۆیی، دەقی شانۆیی هاوواتا دەکاتە بە کۆمەڵناسی دەق، بەمانای ئەو دەقە هەڵگری بنەما کۆمەڵناسیەکانی دەقە، بونیادی کۆمەڵایەتی پێکهاتەی جومگە سەرەکیەکانیەتی.

ئێمە لەشانۆدا دەقێکمان نیە خاڵی بێت لەو بونیادە، تەنانەت ئەو دەقانەی باس لە گروپێکی سیاسیش دەکەن، ئەو گروپەش زادەی کۆمەڵناسیە، بەوەی کاری گروپ پڕۆژەیەکی هاوبەشە بۆ هاوکاریکردن بەمەبەستی ستراتیژێکی سیاسی، ئەو گروپە بۆ خۆی کۆبونەوەی مرۆڤەکانە لەشێوەی کۆمەڵگایەکی بچوک کە لەپۆلینی کۆمەڵناسیدا چەندین جۆری گروپمان هەیە.

بۆیە لەخوێندنەوەمان بۆ دەقی شانۆیی ئەو کاتە دەتوانین پۆلینی ئەو گروپە بکەین، کە دەسەپێتە سەر شانۆگەریەکە، ئەوەی لێرەدا مەبەستی ئێمەیە ئەو دەقانەی ڕاستەوخۆ باس لەکێشەیەکی

سیاسیش دەکەن، ئەوانیش لەبونیادی کۆمەلآیەتیەوە گەشە دەکەن.
زۆربەی کۆمەڵناسان لەسەر ئەوە کۆکن کە کۆمەڵناسی شانۆ بۆ سێ جۆر پۆلین بکەن، پۆلینکاریەکەی ئەوان دەچێتەوە سەر کۆمەڵناسی ئەدەبی، شانۆش وەک شیعرو ڕۆمان بە لقەکانی ئەدەب بۆ کۆمەڵناسی سەیری دەکەن، بەواتای پۆلینەکەیان زادەی سەیرکردنیانە بۆ شانۆ وەک دەق، هەڵبەتە ئەو ڕوانینە میتۆدیە چەندە بۆ شانۆ پۆلینکارێکی سەرەتایی بێت، بەڵام دەرگاکردنەوەیەکی گرنگە بۆ چوونە ناو خوێندنەوەی کۆمەڵناسیانە، کە دەتوانین ئەو پۆلینکاریەی کۆمەڵناسان ناو بەرین بە پۆلینکردنی کۆمەڵناسی دەقی شانۆیی، کە بریتین لە:

**یەکەم: شانۆو لاربوونەوەی پێوەرەکان**

خوێندنەوەی تاکڕەهەندانە بۆ دەق وایکرد شانۆ بەرەو ڕوانینێکی بەرتەسک بڕوات، لە ڕەهەندێکی مرۆییەوە بەرەو ڕەهەندێکی ئایدیۆلۆژیی ببردرێت، ئەوەش بووە هۆی ئەوەی لەڕێگەی میتۆدی کۆمەڵناسی ئەدەبی مارکسیەوە شانۆ بخوێنرێتەوە، گواستنەوەی وێنەی کۆمەڵگا بوو لەپۆلینکاری چینایەتیەوە.
لێرەوە شانۆ وەک دوو دیدی دەست نیشان کراو بۆ مانا سەیر دەکرا، مانای سێیەم بوونی نەبوو، بۆیە "هەر هەموو پاڵەوانە شانۆییەکان نامۆ بوون بەپێوەرە قەبوڵکراوەکان، لەهەموو ئیلتیزامێکیش دوور خرابوونەوە" (1)
بەهۆی ئەو دیدە ئایدیۆلۆژیەوە کارەکتەرەکان بریتین لەمرۆڤی تاوانبارو ناپاک، یاخود بەهۆی داتەپینی سیستمی کۆمەلآیەتی مرۆڤەکان وەک شێت وگەمژە دەخاتە ڕوو، ئەوە لەکاتێکدا هیچ پێوەرێکی میتۆدی بۆ ڕەفتاری کارەکتەرەکان بوونی نیە،

بەڵکو ڕەفتاری کارەکتەری فەرامۆشکراوەو شوناس بەکارەکتەر بەخشراوە، شوناسێکی ئەخلاقی گریمانکراو، ئەو شوناسە ئەخلاقیە سڕینەوەی کارەکتەر بووە لەسەر یەکلاکردنەوەی نوسەری دەق، بەبێ ئەوەی کارەکتەر ببێتە کەناڵی پەیوەندیی نێوان مرۆڤ وکۆمەڵگا، بۆیە "ناکرێت ئەو ڕەفتارەی کاریگەری جێدێلێت زۆرجار ڕەفتاری نوسەر خۆی بێت، بەڵکو ڕەفتاری توێژێکی کۆمەڵایەتیە (کە بە پێویست نەبێت نوسەر ئینتیمای بۆ ناکات) یاخود ڕەفتاری چینێکی کۆمەڵایەتیە ئەگەر کارەکە پەیوەست بوو بەنووسینگەلی گرنگ" (2)

ئەوە سەرباری ئەوەی یەکێک لەوانەی بەتوندی ڕەخنەی ئاراستەی ئەو دیدە ئایدیۆلۆژیە کرد ئەدۆرنۆ بوو, کە تیۆرێکی تایبەتیشی لەو بارەیەوە هەیە، تیایدا ئایدیۆلۆژیا دەخاتە بەردەم ڕەخنەوە "ئامانجی ئەم ڕەوتە ڕەخنەگرتنە لە ئایدیۆلۆژیاکان ودەرخستنی خەسڵەتە ساختەکاریەکان، بایەخیش بە ڕەخنە ولێکجیابوونەوە دەدات، ئەو دوو چەمکەش لەلای ئەدۆرنۆ پلەیەکی مەزنی لە بایەخدان پێدەدرێت" (3)

**دووەم: تیۆری ڕەخنەیی لۆفنتال**

ئەو تیۆرە لە کۆمەڵناسیدا بە تیۆرەکەی لۆفنتال ناسراوە، کە تایبەتە بە قەیرانی ڕۆشنبیر لەسەردەمی بازاڕی ئازاددا، هەڵبەت ئەو تیۆرە خاڵی نیە لەکاریگەریە چینایەتیەکان، بەڵام ئیش لەسەر ئازادبوونی تاک دەکات بۆ بیرکردنەوە لە ڕەخنە، لێرەوە ڕوانینی لۆفنتالیانە لە دیدگای ئایدیۆلۆژیای چینایەتی ڕزگاری دەبێت، کاتێ دەیەوێ ئەو پڕۆژەی بیرکردنەوەیە خاڵی بێت لە ئایدیۆلۆژیاو ڕێساکانی بازاڕ، ئەمڕۆ ئەوانەی لایەنگیری

لەو تیۆرە دەکەن، بڕوایان وایە خاسیەتەکانی تاک هەڵگریەتی تاکە شوێنێکە بۆ لەدایکبوونی ئاگایی ڕەخنەیی، ئاگاییەک کە نەچێتەوە سەر دنیابینی حزب وگروپە سیاسیەکان لەلایەک و لەلایەکیتریش پەیوەندیی نەبێت بەو بازارو لیستانەی کە وەک هێزی ئابوری خۆیان دەخەنە ڕوو.

**سێیەم: بونیادگەری پێکهاتەی گۆڵدمانی**

گۆڵدمان لەڕێگەی گەڕانەوە بۆ مارکس دەیەوێت تەواوی کۆمەڵناسی ئەدەبی بخوێنێتەوە، کە کۆمەڵناسی شانۆش وەک لقێکی ئەدەبی سەیر دەکات، بۆیە هەر لەدەسپێکەوە ئەوانەی دەیکاتە بنەمای کۆمەڵناسی شانۆیی بوونی ژێرخانی ئابوری ورۆڵی مێژوویی چینەکان وبوونی ئاگایی وجەختکردنەوەیە لەلای چینەکان.

ئەو دیدگا مارکسیەی گۆڵدمان بۆ کۆمەڵناسی، خوێندنەوەیەکە بۆ دەرکردنی شانۆ لە ئایدیۆلۆژیاوە بۆ سۆسیۆلۆژیا، بەواتایەکیتر ئەوە پاککردنەوەی گوتاری مارکسیزمە لە ئایدیۆلۆژیای بارکراو، بەواتای مارکسیزم توانای خوێندنەوەی بونیادە کۆمەڵایەتیەکانی شانۆی هەیە، بەڵام ئەو دەمەی لەدیدێکی ئایدیۆلۆژیەوە بەناوی مارکسیزم شانۆ لەسەر دوو وێنەی هاودژ پۆلین دەکرێت، ئەوەیان لەجولە خستنی شانۆیە، گۆلدمان سەرباری گەڕانەوەی بۆ ناو دنیای مارکس لەدوو جیهانبینی فەلسەفیترەوە کە ئەوانیش فەلسەفەی هیگل وتێروانینەکانی جۆرج لۆکاشە سیانەیەک دەخولقێنێت بۆ ئەو ڕەوتە کۆمەڵناسیەی دەقی شانۆیی.

لێرەوە دەتوانین بەڕوونتر لەسەر بابەتەکەمان بوەستین، بەهۆی ئەوەی دەقی شانۆیی دۆزینەوەو پشکنینی دنیایەکیترە، بەواتای

دەق پێشنیارێکی کولتوریە بۆ کۆمەڵگایەکی نوێ، ئەو کاتە دەق دنیایەکیترمان بۆ دەخاتە ڕوو، لەڕێگەی ئەو کۆمەڵگایە ئێمە لە فەزای نوسینی دەقە شانۆییەکەدا دەیبینینەوە، زۆرجار لەناو دەقدا کۆمەڵگایەک دەخوێنینەوە، هیچی لەبارەوە نازانین، ئەوە دەقە بەو کۆمەڵگایە ئاشنامان دەکات، بەڵام بۆ ناسینی کۆمەڵگای ناو دەق، کۆمەڵناسی لەلای گۆلدمان دەشێت کۆمەکێکی باشمان پێبکات بەتایبەت بۆ خوێندنەوەی دەقە شانۆییەکانی ستریندبێری، لە خاتوو ژولیاو کەڵک و سۆناتای تارمایی.

وەک چۆت لەڕوانگەی تیۆرەکەی لۆفنتال دەتوانین بچینە ناو فەزای دەقەکانی بریخت، ئەوسا دەتوانین ڕووبەرووی پرسیاری تازەتر ببینەوە، لەوە دەریبکەین کە دەقێکمان لەبەردەستدا بێت بارگاوی بێت بە ڕوانینی ئایدیۆلۆژی ساختە، بەڵکو لە ئاستێکدا پەیوەندیی نوسەر ودەق ببەینە ئاستی رووبەری رەخنەیی بۆ قەیرانی ڕۆشنبیر لەسەردەمی بازاڕی ئازاددا، لێرەوە ئەو ڕوانینەی لۆفنتال دەق لە رەهەندێکی مێژوویی دەست نیشان کراو دەرباز دەکات وبەرەو جۆرێکیتری کرانەوەی دەبات، کە لە بنەرەتدا رووبەروو بونەوەیە لەگەڵ پرسیاری "مەعریفە چۆن دێتە وەڵامدانەوەی دەقی ئەدەبی لەئاستی زمان بۆ گرفتە کۆمەڵایەتی ومێژووییەکان؟ ئەو پرسیارە خاڵی دەسپێکی کۆمەڵناسی دەقە" (4)

دەقی شانۆیی کە بوو بە پانتاییەکی کۆمەڵناسیانە ئەو دەمە لە تێگەیشتن وخوێندنەوەی باویش ڕزگاری دەبێت، دەسبەرداری تێگەیشتنە دەروونیەکان دەبێتەوە بۆ کارەکتەر، کە خوێندنەوەو شیکردنەوەکان لە ئاستێکی هێندە دەست نیشان کراو بووە،

وایکردووە کارەکتەر بەسەر ئاستەکانی بیرکردنەوە دابخرێت، لەکاتێکدا ئیشکردنەوە لە پەیوەندیی کولتوروشوناس ودیاردە کۆمەڵایەتیەکانی ناو دنیای دەق وا دەکات، ئێمە لەگەڵ ئەزموونی نوسین پانتایی کەشف نەکراو دامانببرێت لەدنیای خۆمان، بەپێی دنیای ناو دەق لەکۆمەڵگا بڕوانین "شیاو نیە قسە بکەین لەبارەی نەستی تایبەت  نە بە ئۆرست، نە بە ئارەزووی ئۆدیب بۆ پەیوەندیی هاوسەری بە دایکیەوە، مادام ئۆرست وئۆدیب دوو مرۆڤ نین لەزەت لە ژیان وەربگرن، بەڵکو تەنیا دەقن، وەک چۆن ئەو مافەمان نیە شت زیاد بکەین، وەک ئەوەی شتێک بێت، بۆ دەق نائاخڤێ نە لەبارەی نەست وەنە لەئارەزووی پەیوەندیە حەرامەکان" (5)

ئەو تێگەیشتنە گۆلدمانیە بۆ دەقی شانۆیی.. ڕزگارکردنێکی کۆمەڵناسیانەیە بۆ مانا لە دەقی شانۆیی، بەوەی مادام کارەکتەرەکان زیندەگی خۆیان دەژیێن، ناشێت بەپێی خوێندنەوەی ساتەوەختی زیندەگی کۆمەڵگای ئێمە کۆمەڵگای دەق بخوێنینەوە، ئەوەش خوێندنەوەی دەق وەک دیدێکی بونیادگەرانەیە کە بە بونیادگەری پێکهاتوویی ناسراوە.

ئێمە ئەو دەمەی ڕووبەرووی فەزای ناو دەقی شانۆگەری (مردووەکان) دەبینەوە، ڕقمان لەمرۆڤەکانی ئەوێ هەڵدەستێ، ئەو ڕقە بەگژداچوونەوەیەکی کولتورییە، دەبینین ئاین بۆتە ڕووبەندێک بۆ سێکسکردنی پیاوێکی ئاینی لەگەڵ کچە مناڵکارەکان، ئێمە ناکرێت لەدیدی کولتوریی خۆمانەوە سەیری کولتوری ناو کۆمەڵگای دەق بکەین، بەڵکو دەبێت بەپێی نەریت وکولتورو پێکهاتە کۆمەڵایەتیەکانی دەقەوە سەیری کۆمەڵگایەکی

جیاواز بکەین، ئەوەش ڕقبوون لە مرۆڤەکان دەگۆڕێت بۆ خوێندنەوەی پێکهاتەی کۆمەڵگاو بونیادەکانی.

خورافەی زیندووکردنەوەی مردوەکان وسێکسکردن لەگەڵ کچە منالّکارەکان، هەر بەتەنیا دیدێکی خورافی نیە، بەقەد ئەوەی ئاگایی کولتوریی چەندە لاوازیش بێت سەرەنجام وەک دەنگێک لەدژی ئەو ئەخلاقە کۆمەلاّیەتیە دەوەستێتەوە، بۆیە نوسەری ئازەریی جەلیل محەمەد قولّی زادە لەنوسینی ئەو دەقەدا پێشنیاری ناسینی کۆمەلّگایەکمان بۆ دەکات، کۆمەلّگایەک نامۆ بە ئێمە، هیچی لەبارەوە نازانین، بەلاّم کۆمەلّگایەکە لە رۆحی خۆیدا نهێنیەکی ئەخلاقی گەورەی هەلّگرتووە، نهێنی پیاوانی ئاینی ناو کۆمەلّگاکان بەوەی چۆن ئاین دەکەنە ڕووبەندێک بۆ وەدەستکەوتنی غەریزە تایبەتیەکانی خۆیان کە لە بنەرەتدا لاوازی ئەو ئاگاییە کولتوریەی کۆمەلّگایە نوێنەرانی ئاین بەو شێوەیە دەتوانن کۆمەلّگا کۆنترۆلّ بکەن.

ئەوەش دەقی شانۆیی دەکاتە پانتاییەک بۆ نووسینەوەی کۆمەلّگا، دەبێتە کۆمەلّگایەکی نووسراو، کۆمەلّگایەک لەناو دەیالۆگی مرۆڤەکان وژیانیاندا پانتاییەک لەهزری ئێمەی خوێنەر درووست دەکەن، تا ئەو کاتەی دەرهێنەرێک بیر لەوە دەکاتە بیخاتە سەر تەختەی شانۆ، ئەو دەمە کۆمەلّگای نووسراو دەبێتە کۆمەلّگایەکی بەرجەستەکراو لەڕێگەی کۆمەلّێک ئەکتەر کە نواندنی ئەو کۆمەلّگای نمایشە دەکەن.

ئەکتەر لە نمایشی شانۆییدا دەبێت بە سێنترالّی کولتوریی، بەلاّم ئەکتەر ئەو کائینە کۆمەلاّیەتییە کە لەکۆمەلّگاکەی دادەبڕێت، بەپێی دیدگاو جیهانبینی دەرهێنەر بۆ تێکستی شانۆیی ئینتیما بۆ

دنیای نوسەر دەکات، وەک چۆن بەدوای پرۆڤەکردن کە ئەکتەر دەبێتە کەناڵی بە ئەنجامگەیاندنی خەونی نوسەرو دەرهێنەر بۆ کۆمەڵگایەکی نویێ کە کۆمەڵگای سەر شانۆ (نمایش) ە لەبەردەم بینەردا، ئەو سێنتراڵە کولتوریە ئەکتەرە کە (نوسەرودەرهێنەر) لەگەڵ (بینەر) بە دوو کولتوری جیاواز ئاشنا دەکات و کولتورەکان بەیەکتر دەگەیەنێت، سەرەنجام دەبێتە هۆی تیۆریزەکردنی کۆمەڵناسیانە بۆ نمایشی شانۆیی.

## دەرهێنانی شانۆیی خەونی بنیاتنانەوەی کۆمەڵگا

ئامادەبوونی چەمکی دەرهێنەرو دەرهێنانی شانۆیی بەپێی ئەزمون وجیاوازی کولتورەکانەوە گۆڕانی بەسەردا دێت، زەمەن ورۆژگارەکان گۆڕانیان لەناو ئەو چەمکەدا کردووە، چونکە لەدایکبونی دەرهێنەر بەمانا زانستیەکەی سەرەتایەکیتری نمایشی شانۆییە، کە لەڕێکخەرەوە دەبێتە عەقڵی نمایش، ئەو عەقڵە پرۆسەیەکی عەقلانی بەرهەم ناهێنێت، بەڵکو لەدایکبونی پرۆسەیەکی نەستی خەون بینینە، بەڵام ئەو کاتەی قسە لەدەرهێنانی شانۆیی دەکەین، دەبێت سەرەتا ئەوە بزانین کە لەکوێوە سەیری دەرهێنان دەکەین، ئاخۆ وەک هونەرێک دەیبینین، یاخود لەپەراوێزی دەقەوە سەیری دەکەین؟

کولتورەکان کاریگەریان هەیە لەسەر لەدایکبونی دەرهێنان، چونکە دەرهێنەر فەردێکی خەونبینە بۆ وێناکردنەوەی جومگەو پێکهاتەکانی ئەو کۆمەڵگایەی لەسەر شانۆ بەرجەستەی دەکات، بۆیە دەرهێنەر خاڵی نیە لەو کۆمەڵگایەی تیای دەژییێت، تەنانەت ئەو کاتانەی دەرهێنەر بەدیدێکی ڕەخنەییشەوە دەڕوانێتە کۆمەڵگا، ئەوەشیان زادەی ئەو کولتورەیە کە بیرکردنەوەی ئەوی پێکهێناوە، کاتێ دەرهێنەر لەپرۆژە بەراییەکانی شانۆیی ئێمە تا رۆژگارێکی درەنگیش تەنیا چاودێرێکردنی دەقی شانۆییە، هۆکارەکەی پەیوەستە بەژیان وئەو سیستمە ئەخلاقیەی نائامادەبوونی شاربوون لەدنیای کوردیدا، کە ئەوە نەریتە سونەتیەکان ونائامادەبوونی شارە لەبیرکردنەوەی ئێمەدا وایکردوە دەرهێنەریش لەسەرەتاوە ڕۆڵی فەردێکی سونەتگەرا ببینێت کە دانەبڕێت لە عەقڵی گشتی، ئەو دەمانەی

بنەما تیۆریەکانی شانۆش دێتە دنیای شانۆکاری کوردەوە، ئەو چاودێرە دەبێتە ڕێکخەری نمایش.
ڕێکخستنەوەی نمایشی شانۆیی لەلایان دەرهێنەرەوە، پڕۆژەیەک نیە بۆ ئازادبوونی دەسەڵاتی دەرهێنان، هێندەی پڕۆژەی پیرۆزکردنی دەقە لەشانۆ، ئەو پیرۆزی بەخشینە لەلایان دەرهێنەرەوە ڕێکدەخرێتەوە، بەواتای ڕێکخستنەوەی ژیانە لە سیستمێکی شانۆییدا، کە بەدرێژایی چەندین دەیە ناو دەبرێت بە شانۆیەک کە ئاوێنەی واقعی ئێمەیە.
ئەو دەمەی نەوەیەک لەشانۆی ئێمەدا خەونی تازەگەری دەبێت، بەڵام ئەو خەونە پەیوەست نیە بە عەقڵی شاربوونەوە، هێندەی پڕۆژەیەکە بۆ تازەگەری لە عەقڵی شانۆییماندا، بۆیە ئەوەی لەهەشتاکان بەشێوەی تر دەرهێنەر دەق دەخوێنێتەوە، ئەوە ئیشکردنەوەیە لەپرۆژەیەکی ئەرکیۆلۆژی دەق، ئەو هەڵکۆڵینە گەڕان وپشکنین نیە لەناو عەقڵی کۆمەڵایەتیمان، بەقەد ئەوەی خەون بینینە بە ئاستی باڵای شانۆیەک کە گوتارە شانۆییەکە بباتە شوێنێکەوە، پێگەی دەرهێنەر لەشانۆدا ببێتەوە خوڵقێنەری نمایش، شانۆگەری غۆریللا یەکێک بووە لەو هەوڵە شانۆییانە کە دەرهێنەری نمایشەکە شەماڵ عومەر لەو بارەیەوە وتویەتی "لەم کارەدا نەمانویستوە دەقەکەی یۆژین ئۆنێل بخەینە ڕوو بەقەدەر ئەوەی ویستومانە شێوازێکی فەلسەفی یاخود زەمەنێکی تازە بخەینە سەر ئەم کارە ئەزموونکارییە، ئەم ئامادەکردنەش ئامادەکردنێکی ئەدەبی نیە، هێندەی ئەوەی دەچێتە دوو توێی نمایشێکی شانۆییەوە، بەمەش لە تەکنیکی تەقلیدی دەقەکە دور دەکەوێتەوەو شێوازێکی تازە دەخەینە سەر دەقە شانۆییەکە"

(6)

ئەوەش هەوڵێکە بۆ پێگەی دەرهێنەر لەگوتاری شانۆییدا، بەواتایەکیتر ئەو ڕۆژگارە لەدایکبونی زانستیانەی چەمکی دەرهێنانە، ئەوەش ئەرکیۆلۆژیای دەقی شانۆییە، بەرجەستەکردنی دەقە شانۆییەکە نیە، هێندەی وەک شەماڵ ئاماژەی بۆ دەکات، گەڕانە بەدوای شێوازێکی فەلسەفی، ئەو تێگەیشتنە دەبێتە زەمینەیەکی پتەو بۆ دەرهێنانی شانۆیی، کە دواتر تێگەیشتنەکان دەبنەوە لەدایکبونێکی زانستی بۆ دەرهێنەر، کە تەنیا چاودێرو ڕاڤەکارو ڕێکخەری دەقی شانۆیی نەبێت، بەڵکو تەئویلکارێک بێت بۆ نمایشی شانۆیی.

ئەو تێگەیشتنە بۆ دەرهێنانی شانۆیی، وایکردووە لەشوێنێکدا نەوەستین، بەقەد ئەوەی لەدیدی زانستە مرۆڤایەتیەکانەوە لەشانۆ بڕوانین، ئەگەر نمایشی شانۆیی بریتی بێت لەژیانی کۆمەڵگایەک، کۆمەڵگایەک کە نوسەر وێنای دەکات، دەبێت ڕۆڵی دەرهێنەر وەک کۆمەڵناسێک لەکوێی ئەو کۆمەڵگایە بێت؟ دەرهێنەر لەو کۆمەڵگایەدا وێنای پەیوەندیەکان دەکات، کولتور لەو کۆمەڵگایە دەکات بە بونیادی پێکهاتەی پەیوەندیەکان، بەواتایەکیتر دەرهێنەر کۆمەڵگای نوسەر لەڕووبەرێکی سەر کاغەزەوە دەگۆڕێت بۆ ڕووبەرێکی کۆمەڵناسیانە.

ئەوەی لەسەر شانۆ ئەیبینین، بریتیە لەژیانی کۆمەڵگای نمایش، کۆمەڵگایەک ئەکتەرەکان وەک ژیانی ئێمە ژیانێکی کولتوری تایبەت بەخۆیان هەیە، ئێمە کاتێ لەژیانی خۆمانەوە سەیری ژیانی ئەوان دەکەین، دەمانەوێ وەک ئێمە ڕەفتار بکەن، بۆیە دەرهێنەر لەو کۆمەڵگایەی لەسەر شانۆ دەیخاتە ڕوو، چارەسەرە

ئەخلاقیەکانی زیاتر لەچارەسەری کۆمەڵگای ئێمە (کۆمەڵگای بینەر) نزیک دەخاتەوە، ئەوە لەکاتێکدا دەشێت کۆمەڵگای سەر شانۆ ئەخلاق ونەریت وکولتورو تەواوی پێکهاتەکانی ژیانی لە دنیای ئێمەی بینەر دوور بێت.

## بنیاتنانەوەی مانا شانۆییەکانی کولتور

کولتور وپەیوەندیەکانی لەشانۆدا بابەتێکە چەندە نوێ نەبێت, لەهەمان کاتدا هەمیشە گفتوگۆو دیدی جیاواز لەگەڵ خۆیدا دێنێتە بوون, ئەوەش پەیوەستە بەکارکردنی لەپانتاییەکانی نمایش وڕوانینە ڕەخنەییەکانی.

خۆر ئاوا لەشانۆدا توانیویەتی تەواوی شێوازەکان بۆ کولتور ئەزموون بکات, بە بەردەوامیش خەریکی پرۆژەی پشکنینی کولتورە بۆ کاری شانۆیی, ڕەگ وڕیشەکانی ئەو دەرکەوتەیەی لەخۆر هەڵات وەرگرت, بەڵام بەهۆی ئەوەی خۆرهەڵات نەیتوانی کار لەتەک کولتورەکەی خۆیدا بکات, وەک کولتوری نەخوێنراوە مایەوە, ئەوا وایکرد شانۆکارانی خۆرئاوا بەرەو خۆر هەڵات سەفەر بکەن و بتوانن کولتوری خۆرهەڵات لەشانۆدا بخوێننەوە.

گرفتی خۆرهەڵات لەناو کولتور لەوێوە دەرکەوتووەوکە ویستویەتی کولتوری نەخوێنراو کولتوری ئامادە بێت لەشانۆدا, بەڵام پرۆسەی ئامادەبوون لەشانۆی خۆرئاوا خوێندنەوەو تێکشکاندنی کولتور بووە, ئەوە وایکردووە کولتور جومگە سەرەکیەکانی شانۆ پێک بێنێت, دۆخی نەزانینی شانۆکارانێکی زۆری کورد لەوێوە دەردەکەوێت کاتێ پێی وایە ئامادەبوونی جەستە ئامادەبوونێکی خۆرئاواییە وشانۆکارانی ئەزموونکار لاسایی خۆرئاوا دەکەنەوە, ئەوە نەک هەر نەزانینە, بەڵکو بێئاگاییەکی ترسناکی ئەو عەقڵیەتەیە, چونکە شانۆی خۆرئاوا شانۆی ووشە بوو, ئەوە شانۆی خۆرهەڵات بوو شانۆی جەستە بووە, خۆرئاوا بۆ ڕزگاربوونی شانۆکەی ڕوویکردۆتە خۆرهەڵات و سوودی لەشانۆی جەستەی خۆرهەڵات وەرگرتووە, بۆیە بنەچەکەی شانۆی جەستەیی شانۆیەکی خۆرهەڵاتیە نەوەک خۆرئاوایی, ئەوانەی بەپێچەوانەوە

بیردەکەنەوە گوزارشت لەزەمەنی غەیبانی خۆیان دەکەن, ئەوەی هەیە تەنیا ئەوەیە ئەو زەمینە خۆرهەڵاتیەو کولتورەکەی سەر لەنوێ لەناو شانۆی خۆرئاوا خوێنرایەوەو بردرایە ناو پرۆسەی تێکشکاندنەوەو بنیاتنانەوەی لەشانۆدا.
بۆیە ئەوە زەمینەکەی لەخۆرئاوا نەهاتووە, خۆرئاوا توانی ئیشی لەسەر بکاتەوە, شانۆکەی لەمردن پێ ڕزگار بکات, کۆمیدیاکە لەوێوەیە کەسانێک کە کاری جەستەیی لەناو کولتور ببینن, بە زادەی عەقڵی خۆرئاوایی ناوی بەرن, ئەوە هەمیشە ئەو مەعریفە بەراییە کە ئەوانە توانای تێگەیشتنیان نیەو هەمیشە نەزانینی خۆیان بەمەعریفەی ئامادە دەفرۆشنەوە.
ئەوەش وادەکات شانۆ وەک شانۆ سەیر نەکەینەوە, بەوەی مەعریفەی شانۆیی و ئەلفو بێیەکی بەرایی بەس نیە بۆ تێگەیشتن لەشانۆ, لەو کاتەدا پێویستیەکی ڕاستەوخۆمان دەبێت لەگەڵ تەواوی ئەو زانستانەی کە پەیوەندیان بە کولتورەوە هەیە ئەوانیش کۆمەڵناسی وئەنترۆپۆژیایە, بەتایبەت کۆمەڵناسی.
ئەوەش گۆڕانی وەزیفەی دەرهێنەرە, بەوەی لەدەرهێنەرێکی شانۆییەوە دەیگۆڕێت بۆ کۆمەڵناسێک, بەڵام کۆمەڵناسێکی شانۆیی, کە گەڕان وپشکنینە کۆمەڵناسیەکانی لەسەر شانۆ دەخاتە ڕوو، بۆ ئەوەی وەک توێژینەوەیەکی مەیدانی بۆمانی بخاتە ڕوو. ئەوەش دیدی کۆمەڵناسێکە بۆ کۆمەڵگایەکی پێشنیار کراو تیایدا ئەکتەر لە کۆمەڵگایەکەوە (کۆمەڵگای بینەر) بەرەو کۆمەڵگای سەر شانۆ ڕۆیشتووە، واتا ئەکتەر مرۆڤێکە بۆتە ناوەندگەرێتی دوو کولتور تا ڕادەیەک جوداو هاوبەش، ئەوەش بۆ ئەکتەر هۆڵ وسەر شانۆ ناوەندگەرێتی بەشداریکردنی کولتورەکانە.

# ئەکتەر سێنترالّی کولتوریی

لەدیدی کۆمەڵناسیەوە پرسیارکردن لە ئەکتەر، پرسیارکردن نیە لە هونەری مرۆڤێکەوە، بەڵکو پرسیارێکە لەبارەی ئەنترۆپۆلۆژیای کولتوریی، بەوەی ئەکتەر هەڵگری جەستەی مرۆڤێکە لەناو کۆمەڵگایەک, لەڕۆژانی پرۆڤەکاندا دەرهێنەر هەوڵ دەدات بە کۆمەڵگای نوسراوی نوسەری بناسێنێت، لێرەوە ئەکتەر دەبێتە سێنترالّی کولتوریی، کولتوری خود کە کولتوری بینەرانی نمایشە، کولتوری نمایش کە کولتورێکی ناو دنیابینی نوسەرو دەرهێنەرە، بۆیە ئەکتەر لەناو ئەو کۆمەڵگایەی نمایش وکۆمەڵگای دەرەوەی نمایش دەبێت لەوە تێبگات ئەوی سێنترالّ کە کولتوری ئەو دوو کۆمەڵگایە بەیەک دەگەیەنێت، بەواتای ئەو وەک کۆمەڵناسێک نواندنی خۆی ناکات، بەڵکو هەڵدەستێ بەکارێک لەنێوان دوو زانستدا ئەوانیش ئەنترۆپۆلۆژیاو کۆمەڵناسیە، چونکە ئەو کارەی ئەکتەر لەنمایشدا پێی هەڵدەستێ، کاری ئەنترۆپۆلۆژیای کولتوریە کە زانستێکە " بایەخ بە توێژینەوەی کولتوری مرۆڤایەتی دەدات، بەواتای توێژینەوەی شێوازەکانی ژیانی مرۆڤ و ئەو ڕەفتارانەی کە لە کولتورەکەیدایە" (7)

لەوەدا تێگەیشتنی ئەنترۆپۆلۆژیانە بۆ ئەکتەر بەتەواوی دەردەکەوێت، بەهۆی ئەوەی ئەکتەر چەندە لەژیاندا بایەخ بە جۆرو شێوازو بیرکردنەوەی کولتورەکەی دەدات، لەڕووبەرو پانتاییەکانی نمایشیدا دەبێت بەو ڕۆڵە هەڵبستێت، چونکە سەر لەنوێ ئەو ئینتیما بۆ کولتورێکیتر دەکات، دەشێت کولتورێکی بەتەواوی جیاواز بێت، کولتورێک بێت نامۆ بە بینەری نمایش، ئەوە ئەوی ئەکتەر بۆتە سێنترالّی نێوان کولتوری سەر شانۆ

و کولتوری ناو هۆڵ، بۆیە ئەکتەر لەپڕۆسەی سێنتراڵبوندا دەبێتەوە کەناڵی بەیەکگەیشتنی کولتورەکان.
ئەگەر لەڕابردوودا لەوە تێدەگەین ئەکتەر لەلای ستانسلافسکی هەڵگری یەک کولتورە، کە کولتوری نمایشەو هیچ پەیوەندیەکی بە کولتوری بینەرەوە نیە، ئەوە لەتێگەیشتنی کۆمەڵناسیانەوە تێگەیشتنێکی فریوودەرە، چونکە سەرەنجام ئەکتەر کائینێکی کۆمەڵایەتیەو ئەو کۆمەڵگایەی لەسەر شانۆ نوێنەرایەتی دەکات، بەرەنجامی دیدگای دەرهێنانی وفەزای نووسینە، لەگەڵ کوژانەوەی گڵۆپەکان وداخستنی پەردەکان، کۆمەڵگاکەش کۆتایی دێت. برێخت لەڕووی کۆمەڵناسیەوە جۆرێک لە ئاگایی بەکار دێنێت، دەتوانین ناوی بەرین بە نمایشکردنی کولتورەکان، چونکە ئەو ئاگاییەی ئەکتەر لەتیۆری نامۆبوون وریامان دەکاتەوە, ئەوەی ڕوو دەدات شانۆیە وهەڵوێستی ئێمەش وەک ئەکتەر دەست نیشان بکرێت، ئەوە وا لەئەکتەر دەکات ڕۆڵی ببێتە ڕۆڵی نمایشکاری کولتوری، بەواتای کولتورەکان لەبەیەکداچووندا نابن، بەقەد ئەوەی کولتوری نمایش بەشێوەیەک دەخاتە ڕوو کە لەدژە کولتوریدا کولتوری تر بناسین.
لەڕووی زانستی شانۆییەوە پڕۆسەی ئامادەکردنی ئەکتەر لەلای ستانسلافسکی تۆکمەترە لە برێخت، دەتوانرێت لەڕووی تیۆریشەوە ووردبینتر خۆی بخاتە ڕوو، بەڵام لە تێگەیشتنی کۆمەڵناسیانە بۆ ئەکتەر، برێخت ڕۆڵی فریودەر بە ئەکتەر نادات، وەک ئەوەی ستانسلافسکی دەیبەخشێت، نەک هەر ئەوە, بەڵکو ئەو ڕۆڵە دەشێت لە تێگەیشتنی کولتورییەوە هێندە درۆزنانە بێت تا ڕادەی ئەوەی کە بوونی خۆمان وەک بونێکی کۆمەڵایەتی

وئاگایی کولتوریی وون بکەین.
بۆ وننەبوون و بە ئاگابوون لە خود، ئارتۆ کولتوری نمایشی کرد بە کولتوری نەستی خود, بەواتای لە شانۆی ئارتۆدا کولتورەکان لەسەر دابەش بوونی ئاگایی مرۆڤ و نا ئاگایی مرۆڤدایە، ئێمە لە شانۆی توندوتیژیی ئارتۆ دوو کولتور دەناسین: کولتوری سەر شانۆ.. کولتوری نائاگایی و حاڵەتی نەستی مرۆڤە، کولتوری بینەریش کولتوری ئاگاییمانە، ئەکتەر لەلای ئارتۆ لەبەیەکگەیاندنی ئاگایی بینەرو نائاگایی ئەکتەر، کولتور دەکات بە ڕۆچوونە ناو دنیای خەونەکانمان، بۆیە دەشێت ئەو شانۆیە لەدیدی کۆمەڵناسیەوە بە پرۆسەی ناسینی مرۆڤ ناو بەرین کە ئەنترۆپۆلۆژیای کولتوری قووڵتر بتوانێ پەیوەندیەکانی شانۆکە بخوێنێتەوە.
ئەو دەمەی گرۆتۆفسکی دەیەوێ بنەما تیۆریەکانی ئارتۆ بکاتە زەمینەی دەرچوون لە خەونی تیۆریی وهاتنە نێو ڕووبەری پراکتیکی ئەزموونێکی ئەلتەرناتیڤ وجیاواز، ئیدی ئەوە دیدی ئەنترۆپۆلۆژیانەیە وا لەئەکتەر دەکات ئامادەبوونی کولتوری خۆی لە مەشق وڕاهێنانەکان بەکار بێنێت، کە چۆن کولتوری دەرەوەی شانۆ دەبێتەوە ئاگایی بەشداریکردن بۆ شانۆ، کە جەستەی مرۆیی ئەکتەر وێناکردنەوەی کۆمەڵگایەکی جیاوازە، کۆمەڵگایەکە لەئێمە ناچن، لە ئێمە نەچوونیان وابەستەی سرووت وتێگەیشتنی کولتوریەکانیانە بۆ جەستە، ئەو تێڕوانینە بۆ ئەزمونی گرۆتۆفسکی دەرگا کردنەوەیەکترە بۆ پەیوەندیی کۆمەڵناسیانەی شانۆ کە دەرگای بۆ هەوڵ وئەزمونی جیاوازتر کردەوە، کە چۆن ئەو پەیوەندیە بەرەو ڕوانین ومەعریفەی

جیاواز بەرێت.

پڕۆسەی بینین و ئینتیماکردنی بینەر بۆ کۆمەڵگایەکی نوێ

پڕۆسەی بینینی نمایشی شانۆیی، پڕۆسەیەکی هارمۆنی نێوان ئەکتەرو بینەرە، پەیوەندیەکە دەرهێنەر بەپێی ڕوانین ومیتۆدی کارەکەی ئەو پەیوەندیە ڕێکدەخات، سەرەنجام بینەر لەئەنجامی بینینی نمایش ئینتیما بۆ کۆمەڵگایەکی نوێ دەکات، ئەو لەبەردەم وەرگرتنی پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکانی ئەو کۆمەڵگا نوێیە، کۆمەڵگایەک دەشێت خەونی پێوە ببینێت، لەهەمان کاتدا گومان لەو پەیوەندیانە دەکات, بەراووردکردنیشی بە سیستمە ئەخلاقیەکانی کۆمەڵگاکە, تێگەیشتنەکانی بەپێی ئەو کولتورەی ئەو تیای دەژییێت, ئەوەش دەخاتە بەراووردی کولتوریەوە.

بینەر سەر شانۆی لێ دەبێتەوە بە کۆمەڵگایەک، کە زۆربەی جار دەیەوێت ئەو کۆمەڵگایەی ئینتیمای بۆ دەکات لە کۆمەڵگاکەی ئەو نزیک بێت، ئەگەرچی ئاشنابوون بە کولتوریتر وا دەکات بینەر بەرەو پرسیار بڕوات وگومان لە مەعریفەی خودی بکات، ئەوەش پرسیاری ئەخلاقیەتی لەبەرامبەر پەیوەندیەکان وچۆنیەتی زیندەگی بوون.

ئێمە ئەو دەمەی لەبەرامبەر نمایشی تێکستێکی چیخۆف یان سترێندبێری دادەنیشین، سەر شانۆ دەبێتە ڕووبەرێکی سۆسیۆلۆژی، بۆ خوێندنەوەی پەیوەندیەکان وئاشنابوون بە کولتورو کۆمەڵگایەکی تر کە لەکۆمەڵگای ئێمەوە نزیک نیە، لێرەوە پرسیارەکان لەبارەی کولتورە سەر هەڵدەدات، ئەوەش لەنێوان ڕقلێبوونەوە لە کولتورو هاوسۆزی بۆ کولتور دەکەونە ململانێ لە هرزی بینەردا.

بەواتای نمایشی شانۆیی بریتیە لەخستنە ڕووی کۆمەڵگایەک

کە بینەر لەساتی کردە هارمۆنیەکە لەگەڵ ئەکتەر ئینتیما بۆ ئەو کۆمەڵگایە دەکات، ئەوەش بەیەکداچوونی نێوان کولتوری منی بینەرو ئەویتری نمایشە، ئەوەش بەندە لەسەر ئەو جیاکاریەی کردار، کە "ماکس فیبەر لەشیکاریی کلاسیکیدا لەنێوان کردارەکانی مەبەستە دوماهیەکانی هەیە، ئەویتریش بەرەو مەبەستە مادیە هەستپێکراوەکانە، بەوەش دوو پلانی جیاوازی پێشنیار کرد، دوو ئاراستەی ناکۆک بۆ ئەزمون" (8)

ئەو تێگەیشتنەی فیبەر بۆ خوێندنەوەو شیکاری کۆمەڵایەتی، توانای خوێندنەوەی پەیوەندیی نێوان بینەرو ئەکتەر لەلایەک و لەلایەکیتریش خوێندنەوەی کۆمەڵگای سەر شانۆی هەیە، سەر شانۆ بریتیە لەو کۆمەڵگایەی کردارەکانی بە مەبەستەوە بەرەو کۆتایی دەڕوات تاوەکو وێنەیەکی ڕوونی ئەو کۆمەڵگایەمان بۆ بخاتە ڕوو، ئەوەی لەهۆڵی نمایشیش دەمێنێتەوە بریتیە لە کردەی وەرگرتن کە بینەر (وەرگر) لەو کردەیەدا لەبەردەم کۆمەڵگایەکی مادی هەستپێکراوە، لێرەدا کە لەبەردەم نمایشێکی شکسپیریی خۆمان دەبینینەوە، ئەو دەمە لیدی ماکبێس نوێنەرایەتی ژنێکی نەزۆکی کۆمەڵگایەکی تۆقێنەر دەکات، کە هێزی خۆی وابەستەی کوشتنە، وەک چۆن زۆربەی دەرهێنەران تاوانەکانی ماکبێس بەدوای کردە سێکسیەکە ئەنجام ئەدەن، دەشێت ئەو وێناکردنە ئەو ساتەی بەدوای دەگەڕێین لەناو کۆمەڵگای ئێمەشدا ون نەبێت و بوونی هەبێت، ئەوەش پەیوەندیی بەوە هەیە کە هیچ کۆمەڵگایەک نیە خاڵی بێت لە نەریت و لادانی کۆمەڵایەتی وشێوازەکانی ڕەفتارو سرووت و ووردە کولتورو بەگژداچوونەوەی کولتوری.

## تیۆریزەکردنی کۆمەڵناسیانەی شانۆ

گەڕان بەدوای پڕۆژەی ئەلتەرناتیڤ لەشانۆدا، پڕۆژەی پشکنین وپرسیارە لە مەعریفەی زانراو، ئەوە گومانە لە مەعریفەیەکی باو، ئەو دەمەی ویستمان ڕووبەرووی دیدی باوی شانۆییمان بینەوە، پرسیارەکە ئەوەبوو ئاخۆ نمایشی شانۆیی بەبێ دەق بەرهەم دێت؟ بەبێ بوونی دەیالۆگ شانۆ بوونی هەیە؟

ئەو کاتەی ڕووبەرووی ئەو پرسیارە دەبووینەوە، وەڵامێکی زانراو هەبوو بەرەنجامی ئیشکردنی ڕابردوومان بوو، کە دەق تەنها وەک بیرۆکەیەک کارمان تیای کردبوو، جەستەی ئەکتەر ئەو ڕووبەرەی پڕ کردبۆوە، بەڵام ئەوەی ئەمجارە دەمانویست ڕەتکردنی تەواوەتی دەق بوو، وەک چۆن ئەوەندە بەس نەبوو دەیالۆگ بوونی نەبێت، بەڵکو ئەلتەرناتیڤەکەی دەبێت بوونی هەبێت، بۆیە مەشق وڕاهێنانەکان گەڕان بوو بەناو کولتورە جیاوازەکان، شێوەیەک کە سرووتێکی کۆمەڵایەتی بەجێ دەگەیەنین تیایدا دەنگ ئەلتەرناتیڤی دەیالۆگە، ئەو دەمەی ئیشکردن لەتەک سرووت وبەشداری پێکردنی کولتورەکان لەگەڵ دەنگ مۆتیڤێکی ئاهەنگی بنیات دەنێن، ئەوە دەرکەوتنی سیمای ئەزمونکاریمانە بۆ پڕۆژەی جیاواز، سرووت لەڕێگەی جەستەوە لەناو شانۆیەکی فرە کولتوری کۆ دەبێتەوە، ئەوەش ستراتیژی سەرەکی جەستەیە بۆ کارکردن، بەواتای جەستە کەناڵی گەیاندنی کولتورەکانە لەناو سرووتدا، بەهۆی ئەوەی ئێمە بە تەنیا جەستە بەتاکە زمانی شانۆ نازانین، بەڵکو دەنگ میکانیزمێکی تری فیگورە.. وەک جەستە ئامادە بوونی هەیە، بۆیە چۆن جەستە دەبێتەوە فاکتەرێکی سەرەکی بۆ ئامادە بوونی کولتور، دەنگ

بەهەمان شێوە بونیادی کەڕنەڤاڵی بەجەستە دەبەخشێت، ئەو بەخشینە (جەستەی کولتوری+ بونیادی کەڕنەڤاڵی) هاوکێشەکە بە (کەڕنەڤاڵی کولتورەکان) تەواو دەکات، بەواتای نمایشی شانۆیی لای ئێمە دەبێت بە (کەڕنەڤاڵی کولتورەکان) ە.
ئەو دەمەی نمایشی شانۆیی دەبێت بە کەڕنەڤاڵی کولتورەکان، ئەو دەمە نمایش دەبێتە ڕووبەرێکی ئەبستیمی بۆ کولتور، وەک لە نمایشی (جوانترین مردن) دەمانویست لەبەردەم هەر تێگەیشتنی کولتوریی بۆ ئاینی زەردەشتی و مەسیحیەت و ئیسلامدا، پەیامبەرەکان لەسەفەری دەریا بەناو دەنگدا بەیەکدا بێن، ئەوە کەڕنەڤاڵی سێ کولتوری جیاوازە، کە ڕووبەری هۆڵێکی نیوە بازنەیی دەبێتە ڕووبەری ئاینە جیاوازەکان، ئەوان سێ جەستەی کولتور جیاوازن کە لەناو کۆمەڵگایەکدا هاتونەتە بوون، کۆمەڵگای نمایش کە تەنیا بریتی نین لەو ئەکتەرانەی کە بە جەستەی کولتوری ناومان بردوون، بەڵکو وەرگر بەشێکیترە لەو کۆمەڵگایە بەهۆی وەستان و جێگۆڕکێی دەروونی بۆ وێنەو دڵەڕاوکە لەبەردەم چوونە ناو قوڵایی کولتورەوە، کە دواتر بەیادەوەری کولتوری وەرگر تەواو دەبێت لەڕێگەی ئاوڕژان و چوونەوە ناو ئاو ئەوەش ئینتیمایەکی هاوبەشی جەستەی کولتوریی و وەرگرە بۆ یادەوەری ئاینی ئەو لەنێوان زەردەشتی بوون و ئیسلامدا.
هەڵبەت سرووت لەمانای ئاینی بەتاڵدەکرێتەوەو مانای شانۆیی پێ دەدرێ بەهۆی ئەوەی ئێمە مێژوو ناگێڕینەوە، بەڵکو مێژوو بونیادێکی ناو یادەوەری هاوبەشمانە، ئەو هێزی یادەوەری لەیادکرداوە، وەک لە (یادەوەری دەنگ/2) باڵەخانەی قشڵەی

کۆیە لەشەودا دەبێتە کەرنەڤاڵێکی کولتوریی لەڕێگەی دەنگەوە, وەرگر بەرەو شوێنی دەنگ دەڕوات، ئاگر ودەنگ ئەو دوانەن کە سرووت بەرەو پرسیار لە هەڕەشەی لەناوچوونی جەستەمان دەبات، ئاگر بۆ ئێمە ئاماژەی کولتووری وپەیوەندی بەڕۆحی کوردیەوە هەیە، نەک ڕەمز بێت بۆ زەردەشتیەت، بەڵکو وەک ئاماژەیەک بۆ ئارەزووکردن لەژیان.. ئاگر زیندەگی بوونە، بوونیش لەناو جەستەی کولتوریدایە، جەستەی کولتوری لەڕێگەی ئەو جل وبەرگەوە دەیەوێ وێنەی موغێک بەخۆی ببەخشێت، موغێک بەتاڵ کراوەتەوە لەمانای زەردەشتیەت ومانایەکی شانۆیی پێدراوە.

ڕەهەندە ئەنترۆپۆلۆژیەکانی شوێن لە گوتاری کۆمەڵناسیانەدا ئەو دەمەی نمایشی شانۆیی لەدەرەوەی بیناسازی هۆڵی شانۆ نمایش دەکرێت، ئەو ساتە شوێن دەبێتە خوڵقاندنەوەیەکی جیاوازی پەیوەندیی نێوان ئەکتەرو بینەر، ئەوە یەکەیەکیترە بۆ پڕۆسەی بینین، بۆیە لە ئەزمونی پراکتیکیمانەوە بۆ شوێن گەیشتوینەتە ئەو دەرەنجامەی.. ئامادەبوونی جەستەو دەنگی من لە شوێن ئامادەبوونێکی ئەنترۆپۆلۆژیە، بەتایبەت لە ئەزمونی (تونێل) کە لە تونێلەکەی دەربەندیخان نمایشکرا.

پەیوەندیی نێوان جەستەو شوێن، گەڕانەوەیە بەرەو سەرەتاکانی بیرکردنەوە لەچەمکەکانی بوون "خۆشەویستی.. ڕق.. مەرگ.. ئازار.. خۆشنودی" وەرگر بەرەو تونێلەکە دێت، وەک ئەوەی ئەو هاتنە ئینتیما بێت بۆ یادەوەری وهزری خۆی، لەوێ لەبەردەمی یادەوەریدا خۆی دەبینێتەوە، ئەوە حالەتێکی نەستیە لە ئاستی خودی وکۆیادی گشتی، شوێن پەیوەست نیە بە چوونە ناو

مێژوو، شوێن گەڕانەوەی مرۆڤە بۆ ناو کەللە سەری خۆی، بۆ ناو دەهالیزەکانی بوونی، چونکە یادەوەری وشوێن ئەو دوو ماتریالە زهنیەن پەیوەندیی نێوان جەستەی کولتوریی و وەرگر دەیکاتە مۆتیڤێکی ئاهەنگی بەوەی لەناو بونی مرۆییماندا پرسەیەک هەیە بەتەنیا پرسەی خودیی نیە، هێندەی مەرگی کۆیادی گشتیە، ئەوەش گەڕانەوەی مەرگی یادی گشتیە، لێرەوە شوێن لە ڕەهەندێکی تۆبۆلۆژیەوە (شوێنناسی) بەرەو رەهەندێکی ئەنترۆپۆلۆژی دەچێت، چونکە کاری بە ناسینەوەی شوێن نیە، بەقەد ئەوەی کاری لەسەر ئەوەیە چۆن مرۆڤ بەرەو یادەوەری دەگەڕێنێتەوە، ئەو گەڕانەوەیە وێنەیەکی گشتی لەیادکراوی کۆمەڵگایە، ئەوە کۆمەڵناسی شانۆیە ئەو یادە لەیادکراوە دێنێتەوە نێو ڕووبەری نمایش، کە گەڕانەوەیە بۆ تێگەیشتنە ستراتیژیەکەی دۆرکایم بۆ کۆمەڵناسی، ئەو دەمەی وا سەیری کۆمەڵناسی دەکات، کە ئەوانەی لەکۆمەڵگادا حەشار ئەدرێن وبایەخیان پێ نادرێت، کۆمەڵناسی دێت قسە لەوانە دەکات.

کۆمەڵناسی شانۆش بۆ ئێمە قسەکردنەوەیە لەوانەی فەرامۆشکران وویستیان لەیادمانی بەرنەوە، ئێمە لەگەڕانەوەمان بۆ ڕابردوو، دەشێت ڕووبەرووی ئەو پرسیارە ببینەوە کە شوێن مانای تۆبۆلۆژی نیە، ئەی بۆچی بۆ شوێن دەگەڕێینەوە؟ هەڵبەت گەڕانەوەمان بۆ شوێن بەندە لەسەر ئەو تێگەیشتنە ئەنترۆپۆلۆژیە کە شوێن پەیوەستە بە ژیارەوە، ژیار بریتی نیە لەستایشکردن، ئەوە تێکستە سونەتیەکانن لەناو کەلەپوورەوە شانۆ نوقمی ستایشی درۆزنانە دەکەن، لەو ڕێگەیەوە ڕەهەندێکی

یەک لایەنەی داخراوی مێژوویی بە ژیار دەبەخشن.
لەکاتێکدا بۆ ئێمە ژیار بریتیە لەکۆی چالاکی کولتوریی، نمایش لە کەرنەڤاڵی کولتورەکانەوە وێنەیەکی شاردراوەی کۆمەڵگامان بۆ دەخاتە ڕوو، ئەوەش وێنەی شانۆیی دەکات بە خوێندنەوەی کۆمەڵناسیانە بۆ شوێنگەو پێکهاتەی جومگە سەرەکیەکانی گوتاری سۆسیۆلۆژییمان.
پێکهاتەی ئەو گوتارە یەکەیەکی هارمۆنی لەگەڵ وەرگر درووست دەکات، بەوەی کولتوری وەرگر ئاوێتەی کولتوری ئەویتری نمایش دەبێت، کە لەبنەڕەتدا کەڕنەڤاڵەکە لەپێناو کولتورەکان نیە، ستراتیژیی ئەو کەڕنەڤاڵە لە میتا گوتارەکەیەتی، ئەویش گەڕانەوەو چڕ بوونەوەی زەمەنیە، ئەوە زەمەنی هەڵوەشاوەی کوردیە لەئاستی جیاوازدا، کە کەڕنەڤاڵی کولتورەکان (نمایشی شانۆیی) بەیەکیان دەگەیەنێتەوە، کولتورەکان پەیوەستن بە ئاستی زەمەنیەوە، کولتورێک کە بینەر لەساتی نمایش هەڵگریەتی، بە جیاواز لەو کولتورەی جەستەی کولتوریی دەیخاتە ڕوو، ئەو دوو کولتورە بەر لەوەی ئاوێتەی یەکتر ببن بۆ یەکەیەکی ئاهەنگی، دەکەونە بەر کارلێکەرێکی کولتوریی، کە لە زەمەنی نمایش ئاوێتە دەبنەوە، دەبێتە خولقاندنەوەی پرسیاری وەرگر لە کۆمەڵگا.

پرسیاری وەرگر پرسیارێکی هەڕەمەکیەت نیە، بەڵکو ستراتیژێکی کۆمەڵناسی شانۆیە، چونکە ئەوە خولقاندنەوەی پەیوەندیەکی دیالەکتیکیە، لەپێناو گوتارێکی کۆمەڵناسیانە لە نمایشدا، کە گوتار لێرەدا پێویستی بە تێگەیشتنێکی جیاواز هەیە لەشانۆ، کە

پەیوەست بێت بە زانستەوە، بۆیە لەدوماهیدا ئێمە ئەو گوتارە بە زانستی شانۆ دەبەینە ئاستی بالآ، زانستێک بەپێی ئەو گوتارە کۆمەڵناسیە دەیەوێت پێی بگات، هەر لەبەر ئەوەشە شانۆناسی بۆ ئێمە بەرەنجامی گەڕان و پشکنینە لە گوتارێکی سۆسیۆلۆژیدا، ئەوەش پێویستی بە تێگەیشتنی کولتوریی هەیە لەڕوانگەی کۆمەڵناسی و ئەنترۆپۆلۆژیی، بەتایبەت لە پەیوەندیی شانۆکار وەک مرۆڤێک لەتەک کولتورو کۆمەڵگا لەلایەک و لەلایەکیتر لە پەیوەندیی کولتور بە شانۆوە، بۆیە شانۆناسی لەدایکبووی پرۆسەی زانستی نێوان شانۆو کۆمەڵگایە.

## شانۆناسی وەك گوتارێکی کۆمەڵناسیانە

ئەو چەمکە لەکۆمەڵناسیدا بەرەنجامی تێگەیشتنی تیۆریی نیە لەلای شانۆکاری خۆرئاوا، بەڵکو ئامادەبوونی ئەو چەمکە بۆ ئێمە بەرەنجامی تێگەیشتنمانە بۆ جەستەی کوردیی، ئەو تێگەیشتنە لەو پڕۆسە گومانکاریەوە پێی گەیشتووین کە گومانمان لە مەعریفەی شانۆیی هێناویەیتە بوون، گومانێک لەخولّقاندنەوەی پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکانی جەستەی کولتوریی هاتۆتە بوون، بەوەی ئەو جەستەیە لەمەشق وساتە ئەفرێنەرەکانی خۆیدا مانا ئاینیەکانی خاڵیکردۆتەوەو مانای شانۆیی بە دیدی سرووت و پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان بەخشیوە، بۆیە ئەو گوتارە کۆمەڵناسیە بووە بە گوتارێکی شانۆناسیانە.

ئێمە لەشانۆکردن پەڕیوینەتەوە بۆ شانۆناسی، ئەوەش پڕۆسەی میتا شانۆیە، میتا شانۆ پڕۆسەی ڕزگارکردنی شانۆیە لە گوتاری ئەدەبی، گەڕانەوەی شانۆیە بۆ ناو شانۆ، بیرۆکە لەکاری ئێمەدا بۆ سەرەتا گرنگ نیە، دەزانین کەسانێک ئەو دەستەواژەیان پێ قبووڵ ناکرێت، بەڵام ئەوەی بۆ ئێمە گرنگە ئامادەبوونی جەستەی کولتوریە لە پانتایی, ئەوە ئامادەبوونی دەنگە.. نووسینەوەی جەستەیە، کەچۆن پەیوەندی فەلسەفی و ئیستاتیکی تیا دەخولّقێنرێت، مەشقەکان وەڵامی پرسیارەکانمان دەدەنەوە، پرسیارەکانمان پرسیارە فەلسەفیەکانی ئەو زەمەنەمان دەبەینە ناو کولتورە جیاوازەکان، گومان لەمانا مێژوویەکانی کولتور دەکەین، ئەوە شانۆناسیە کە دەقێکمان بۆ بەرهەم دێنێت ڕۆژەکانی پڕۆڤە نووسیویەتیەوە، ئەوە بەشێکە لەنهێنی کارکردنمان، چونکە دەق مەشقە، نەنووسراوێکە لە دەربڕینی

دەنگ وگوزارشتی جەستە دەیەوێ شانۆ بنووسێتەوە.
نووسینەوەی شانۆ دەسپێکێکیترە بۆ شانۆناسی، ئەوەش دارشتنەوەی سەرلەنوێی کولتورە جیاوازەکانە، پرۆسەیەکە بۆ نووسینەوەی سرووت، نووسین کردەیەکی بەرجەستە کراوی ئاماژەکاریە، ئەوە بەرزکردنەوەیەتی لەسەر ئاستی ئاماژەی دەنگی بینراو، سرووت بەرەنجامی مانا کولتوریەکە نیە، بەڵکو لەئەنجامی ئیشکردن لەسەر کەشفکردنی مانا نوێیەکانی کولتور هاتۆتە دی، ئەوەش پێویستی بە خوێندنەوەی ئاماژە جیاوازەکانی سرووتە، ئەو خوێندنەوەیەش تەئویل کردنەوەی پرۆسەی شانۆناسیە، بۆیە شانۆناسی پرۆژەیەکی سۆسیۆلۆژی نمایشی شانۆییە کە کۆمەڵناسی شانۆ دەبێت بە گوتاری ئەلتەرناتیڤی شانۆ، گوتارێک شانۆیەکی کۆمەڵناسیانە بەرهەم دێنێت، ئەوە بانگەشە کردن نیە بۆ فۆرمی ئەزمونێک، بەڵکو ئەزمونی جیاواز تێروانینی کراوە بە شانۆناسی دەبەخشێت، کە توانای دیدی ومانای کراوەو جیاوازی هەیە بۆ گوتاری نمایشی شانۆیی.

**پەراوێزو سەرچاوەکان:**


(1) علم اجتماع الادب/ د. محمد سعيد فرح و د. مصطفى خلف عبدالجواد، دار الميسرة، الطبعة الاولى 2009، ص 34

(2) تأصيل النص/ د. محمد نديم خشفة، مركز الانماء الحضاري- حلب/ 1997, ص 29

(3) علم اجتماع الادب/ د. محمد سعيد فرح و د. مصطفى خلف عبدالجواد، دار الميسرة، الطبعة الاولى 2009، ص 34

(4) نحو سوسيولوجية للنص الادبي/ بيير ف. زيما، ترجمة: عمار بلحسن، العرب والفكر العالمي، العدد الخامس، شتاء 1989، ص 79

(5) المنهجية في علم الاجتماع الادبي/ لوسيان غولدمان، ترجمة: مصطفى المسناوي، دار الحداثة للطباعة والنشر (بيروت) 1981، ص 19

(6) گوتاری ئەزموونگەری لە رەوتی شانۆی کوردیدا/ دانا رەووف، ستۆکهۆلم- 1995، لاپەرە 76